# زەکەریا دەنگێکی سۆزناک و دوا رۆژێکی پڕ هەوراز

1

**کەمال ڕێناس-ئەڵمانیا**

**زەکەریا هونەرمەندێکی لاوی دەنگ پڕ جۆشی هەست ناسکە، لەژێیەکانی دەنگیدا هەست بە حوزن دەکرێت و حوزنەکەش ئاوێتەیە لەگەڵ سۆز؛ لەماوەیەکی کورت توانیویەتی وەکو گەنجێکی هۆگری هونەر بێتە ناو هونەری کوردی و بە ئەسپایی هەنگاوی خێرای چاوەڕوان نەکراو بنێ، خەڵک بە عیشق و پەرۆشەوە گوێبیستی دەنگی بن، سترانەکانی لەسەر زاری هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بن و گۆرانییەکانی ئەزبەر بکەن. «زەکەریا شنەبایەکی فێنکی هەست بزوێنە هیوادارام سەرکەوتوو بێت»1. بەڵێ منیش لەگەڵ ئەو بیرو رایەدام مانەوە لە لوتکە زۆر ئەستەمترە لە گەیشتن بە لوتکە، چونکە ئەگەر ئاوڕێک لە رابردووی هونەری کوردی سەردەم بدەینەوە لەساڵانی رابردوو کەسانێک بەگوڕو تینەوە هاتنە ناو گۆڕەپانی هونەری گۆرانی کوردی، دوای چەند ساڵێک کانی بەهرەیان بەرەو وشک بوون چوو، گوڵی هونەریان رووی لە پوکانەوە کرد هەندێکیان لەبەر لێکچوونی بەرهەمەکانیان و هێندێکیان لەبەر نەدۆزینەوەی رێچکەی تایبەتی خۆیان، و لەبەرهەر هۆیەکی دیکە بیری داهێنانیان بەرەو کزی چوو. جا هیوادارم سوود لە هەڵەی هونەرمەندانی پێش خۆی ببینێ و بۆ ئەوەی بتوانێ بە بەردەوامی ئەفراندن بخولقێنێ.**

هونەرمەندی زیرەک ئەوەیە کە چۆن لەژێی هەستیار بدات و ئەو بۆشاییانە پڕ بکاتەوە کە گوێگری کوردی پێوەی دەناڵێنێ لە گۆڕەپانی گۆرانی و مۆسیقای کوردی،، بتوانێ پەنجەی ئاواز لەسەر برینی هەست و سۆزی گوێگر دابنێ، من ئاگادرام بیروڕای زۆر جیاواز هەیە لەسەر خەرمانی بە بەرەکەتی ئەو هونەرمەندە دەنگ خۆشە، هن دەڵێن گەمەیەکی سیاسییەو دروستکراوە هەندێکی دیکە دەڵێن ئاوازەکانی زۆربەیان تورکین، ئەو درکی بەوە کردووە کە گوێگری کورد حەز بەو شێوازە دەکەن، بەزیرەکی خۆی توانیویەتی هەستی جەماوەر تیف تیفە بکات، ئەو دەزانێ لەدوای راپەڕینەوە تەوژمێکی بەهێزی ئاوازی تورکی، عەرەبی و فارسی رووی لە کوردستان کردووە تا رادەیەک توانیویەتی گوێگرانی کورد بۆ دونیای چرپنی گۆرانی کوردی بگەڕێنێتەوە دوای ئەوەی هەستی گوێگری کورد کەوتبووە نێو شەپۆڵی گۆرانی عەرەبی2، هەندێکی دیکە دەڵێن زەکەریا شۆرشێکی هونەری نوێخوازی بۆ لاوانی کورد بەرپا کرد لە هەر جێگایەک بن3. وە چەندان بیرو ڕای جیاوازی دیکە هەموو گەواهی ئەوە دەدەن کە ئەو کوڕە گەنجە کەسێکە شتی پێیەو خاوەنی داهێنانە بەخێرایی لەناو کاروانەکە جێپێیەکی بۆ خۆی و هونەرەکەی کردۆتەوە و لەکاتی دەرچوونی کاسێتی نوێی خەڵک بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی بن و سەرەی بۆ بگرن بەبڕوای من هەندێک لەو فاکتەرانەی کە دەورێکی کاریگەریان هەیە بۆ سەرکەوتنی ئەم هونەرمەندە:4

1- گومان لەوەدانییە کە خاوەن دەنگێکی پڕ جۆش و خرۆش و ئەو دەنگەی وەکو بۆماوە بۆ ماوەتەوەو برای (نەجمەدین، ئاوارە)یە کە خاوەنی شاکاری «بریندارم دەوای دەردم دەوارلێ» بەشێوەیەکی راستەوخۆ یارمەتیداوە بۆ هەڵبژاردنی ئاوازو چەند ئاوازێکی داوەتێ کە سەرکەوتوو بووە «چەند جوانن»5.

2- مۆسیقاژەنێکی بەتوانایە و دەست و پەنجەی زۆر رەنگینە لە ئۆرگ ژەنین ئەمەش وایکردووە سەرەڕای دەنگە خۆشەکەی بتوانێ ببێتە «موئەدی»و گۆرانی چڕێکی سەرکەوتوو.

3- دەورو بەرەکەی دەوریان هەبووە بۆ پێگەیاندنی و هاندانی لەوانە «بژار دیلان، شالاو ،سەرکەوت رەسولّ».

4- زیرەکانە توانیویەتی تخوبی ناوچەگەری ببەزێنێ بە زاراوەی کرمانجی و سۆرانی بچڕێ لەئەلبومی ئەم دواییە گۆرانییەکی تورکیی تێکردووە تێکەڵ بە کرمانجی «SALANA»وە لە هەندێ گۆرانیەکانی ناوی شارەکانی کوردستانی بێ جیاوازی تێکردووە «بەو بەو بەو باوانم» «ئەی خاتوو بێری کیژە هەولێری»..هتد.

5- خۆنەبەستنەوەی بە هیچ خزب و گروپێکی کوردستانی چونکە هونەرمەند زۆر لە سیاسەت گەورەترە، هونەرمەندی وا مەزن هەبوونە بە پەیامی گۆرانیان توانیویانە ببنە چاوی رەخنەی سیاسەت،



«جاریّ ئوم کەلسوم ئاهەنگی دەگێڕا بەرێکەوت جەمال عەبدولناسری سەرکردە دەبوایە ئەو رۆژە قسەی بۆ خەڵک بکردایە یەکسەر خیتابەکەی بۆ کاتێکی تر دواخست و گوتی خەڵکەکە زیاتر بۆ ئوم کەلسوم گوێ رادەدێرن»6.

لەم نموونە مەسەتم ئەوەنیە بیانخەمە تای یەک تەرازوو و بەڵام زیاتر مەبەستم گەورەیی هونەرمەند، ئەگەر ریزی خۆی بگرێ وە دەمەوێ باسی ئەوە بکەم زەکەریا بەهۆی هەر کەسێک و چۆن بێت بەو تەمەنە کورتەی هونەری ئاهەنگی لە هەولێر و سلێمانی گیڕا رێی بەوە نەدا بیکەنە دەستکەلای خۆیان بە پێچەوانەی زۆر هونەرمەندی دیکە لەبەر هۆی کەسی و پاساوی نەگونجاو بۆ هەولێر یان سلێمانی چوون، وەک ئەوەی وڵاتێکی دیکە بێت، شڤان پەروەر، فاتێ، لەیلا فەریقی،...هتد ئەمە مێژو بە هەڵوێستی دەنرخێنێ، ئەمانەو ەند هۆکارێکی دیکە وایان کردووە تارادەیەک سەرکەوتوو بێت و هونەرەکەی لە ئاستی تێگەیشتنی جەماوەرەکەی دابێت.7

خوێنەری بەرێز ئەو خاڵانەی باسم کردن مانای ئەوە نییە کە زەکەریا هونەرمەندێکە لە هەموو روێکەوە بێ کەموکورتییە کەسیش نیە شان لەشانی بدات، بەڵێ ئەویش وەکو هەر هونەرمەندێکی دیکە دوور نیە لە هەندێ هەڵەی هونەری و بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم چەند خاڵێک دەستنیشان بکەم، (پرسیارە تەمومژاوییەکان بوروژێنم دوور لە هەڵپە هەڵپی تووڕەبوون ئەو چەند دێرەشم نەچێتە خانەی پیاهەڵدانی رووت.

لای هەموان روون و ئاشکرایە کە گۆرانی گوتن وەکو نیگارکێشی، شیعر، چیرۆک،،،هتد نییە کارێکی تاکە کەسی بێت، گۆرانی کارێکی هەرەوەزی کۆمەککارییە «شیعر، ئاواز، دەنگ» گۆرانیەکی رەسەن دێننە ئەنجام، لام سەیرە هونەرمەندێکی وەکو زەکەریا ئەوەی بەسەر تێپەڕ دەبێ کە فلان ئاواز و شیعر هی فلان کەسە بە ئەمانەتەوە ناویان ببات ئەوەتا هونەرمەند زیاد ئەسعەد دەڵێ: «ئەو برادەرە، زەکەریا بەنوێژی نیوەڕۆ یەک کاسێتی لێبردم بەبێ ئەوەی لە هیچ شوێنێک باسمان بکات»9. هەمان بابەت دووبارە دەبێتەوە لە کلیپی «نەتبینم» کە نووسراوە نەدبینم ناوی گۆرانیەکە کە شیعری مامۆستا (جەبار حەبیب)ە نە نووسراوە لەو بڕوایەدانیم ئەمە شتێکی لەبیر کراوبێت، چونکە سەرەڕای سادەیی شیعرەکەی یەکێکە لە گۆرانیە سەرکەوتووەکانی ئەلبوومەکە وابزانم هونەرمەند زەکەریا پێویستی بەوە نییە رووناکیی لەو شاعیرە بسەنێتەوە و بیخاتە سەر ناوی خۆی. گۆرانی «ئاگر کەتیە دڵێ من» کە بەبڕوای من یەکێکە لە گۆرانیە سەرکەوتووەکانی و لە خاوەنەکەی «بەیتولجان» خۆشتری چڕیووە بەڵام مەقامێکی تێدایە دەڵێ «شەکر پەحلە توو شیرینی»9 و دەوترێ شەکر تەحلە توو شیرینی. لەیەکێ لە تەلەفزیۆنەکان ئاهەنگی هۆڵەندا پیشان درا لەبەر پاسەوانەکانی کەس بە هیچ شێوەیەک نایگاتێ و جاری وا هەیە نایبینن، بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەی کە دەیەوێ لاسایی گۆرانی بێژە ناودارەکانی تورک بکاتەوە چ لەزەتێک لە لەزەتی خۆشەویستی جەماوەر خۆشتر نییە، چونکە هونەر ئەگەر هی میللەتێک بێت هونەرمەند دەبێ هەڵقوڵاوی ناو میللەتەکەی بێت.10 پێویست بەوە ناکات دیواری دەستکرد دروست بکەی چونکە دڵنیام ئەگەر زەکەریا خاوەنی پەیام نەبێ گۆرانی ناڵێ ئەوەی خۆشی بوێ بەبێ ئەوەی پاسەوانیشی هەبێ هەر خۆشی دەوێ لۆرکا دەڵێ: پێویستە هونەرمەند لەگەڵ گریان و پێکەنینی گەلەکەی بێت، لە دووماهی پەیڤەکانم دەمەوێ چەند سەرنجێکی خۆم بخەمەڕوو بۆ بەرەو پێشچوونی هونەری ئەو هونەرمەندە:

1- ئەوەی هونەرمەند بەرەو هەڵدێری پوکانەوە دەبات خۆ بەزل زانی و لووت بەرزی هونەرییە کەتەنها خۆت پێ هونەرمەند بێت و بڵێی ئەوانی دیکە هیچ، چونکە هەریەک لەئێوە خاوەنی دەنگ و شێوازو رێچکەی خۆیەتی گۆڕەپانەکە فراوانە با زەکەریاش هەبێ، غولامییش هەبێ و رەزازیش هەبێ، هەر یەکە جەماوەری تایبەتی خۆی هەیە، کەس ناتوانێ جێ بەوەی دیکە لەق بکات کە خەڵک بەخۆی سەربەستە حەز لە دەنگی کێ دەکات؟ گوێ لەچی دەگرێ؟11.

2- خوێندنەوەی بەردەوام و بە قسەی کەسانێکی هەلپەرست نەچییە کەشکەلانی فەلەک و ئاسۆیەکەت لێ لێل بکەن، خۆت خاوەنی بڕیارەکانی خۆتی بیروڕای کەسانی دیکەگرنگە بەڵام بەشێوەی پێویست.

3- لەگەڵ هونەرمەندانی دیکەی ئاواز دانەر پەیوەندی بکە تا بەرهەمەکانت لەیەکتر نەچن چونکە مرۆڤ بێئەوەی بەخۆی هەست پێبکات کە هەموو کارەکانی بەخۆی کرد لە یەکتر دەچن «ئەلبوومی رۆژگار» تێکڕای ئاوازو دابەشکردنەکان هی خۆتن وابزانم بەشێکی زۆری مەقام «بەیات»ن.

4- بۆ بەرپەرچ دانەوەی. ئەوانەی دەڵێن مۆسیقا تامی تورکی لێدێت و رەسەنایەتی پێوە دیار نییە دەتوانی بەرهەمی داهاتوو لەگەڵ کامکارەکان تۆمار بکەین و دڵنیام شاکارێکی سەرکەوتوو دەردەچێت.

هیوادارم ئەو چەند سەرنج و رەخنانەم بە سنگێکی فراوانەوە لێقەبوڵ بکەی و ببێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی زیاتر پێشبچێ بۆ خزمەتی هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:


1- رۆژنامەی برایەتی چاوپێکەوتن، بۆتان جەلال «دیاری قەرەداغی».

2- گۆڤاری گوڵان 30 مایسی 2002ژ 384 تۆفیق شێخانی.

3-. هەمان سەرچاوە، سەردار خۆشناو.

4- فەتحی کەریم، تەلەفزیۆنی کوردسات، بەرنامەی تایبەت بە کلیپ.

5- چاوپێکەوتن زەکەریا لە Ktv لەگەڵ خانزاد.

6- رجاالنقاش الوطن العربی.

7- تۆلستۆی (هونەر دەبێ لە ئاستی تێگەیشتنی جەماوەر دابێ).

8- گۆڤاری گوڵان چاو پێکەوتن لەگەڵ زیاد ئەسعەد.

9- چاوپێکەوتن (خانزاد) Ktv زەکەریا.

10- مەزهەری خالقی چاوپێکەوتن ئیسماعیل گەیلانی Ktv رۆژی /2002 .6/11

11- دانیشتنێک لەگەڵ «رەزازی، رزگار خۆشناو، ئازاد خۆشناو» لەبەرواری .2002/6/1